شروط (لا اله الا اللّٰه)

مەرجەکانی (لا اله الا الله)

اللغة الكردية – زمانی کوردی

شيخ هيثم سرحان – شەیخ هەیسەم سەرحان

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوە ڕێگەپێدراوە بۆ هەموو موسڵمانیک

پرسیار : ئایە مەرجەکانی (لا الە الا اللە) چین؟

وەڵام : مەرجەکانی (لا الە الا اللە) حەوت دانەن :

١/ مەرجی یەکەم : زانینی ماناکەی کە دژەکەی نەزانینە پێی ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴾ محمد: ١٩) واتە: ئەی محمد صلی اللە علیە وسلم زانیاریت هەبێ و بزانە بەوەی کە هیچ پەرستراوێک بە حەق نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی (اللە) نەبێ وە بەردەوام بە لەسەر ئەمە)

وە لە عوسمانەوە هاتووە (رەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : ((هەرکەسێک بمرێت لە کاتێکدا بزانێت هیچ خوایەک نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها (اللە) نەبێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە))

٢/ مەرجی دووەم : یەقین و دڵنیایی ، بەوەی ئەو کەسەی دەیڵێت لە دڵەوە یەقینی هەبیت بە مانای ئەم وشەیە بە یەقینێکی یەکلاکەرەوە .

چونکە ئیمان سوودی نابێت ئیللا بە زانستێکی یەقینەوە نەبێت ، نەک زانستێکی گوماناوی ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمۡ يَرۡتَابُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ١٥ ﴾ الحجرات: ١٥) واتە : تەنها ئیمانداری ڕاستەقینە ئەو کەسانەن کە ئیمانیان بە خواو پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وسلم هێناوە , پاشان هیچ گومانێک تێکەڵ بەو ئیمانەیان نەبووە وە جیهادیان کردووە لە پێناو خوای گەورە بە ماڵ و گیانیان , ئا ئەو کەسانە ڕاستگۆن لە ئیمان هێنانیان، نەک ئەو دەشتنشینانەی کە بانگەشەی باوەڕ دەکەن .

جا بۆ ڕاستگۆیی ئیمانەکەیان بە خوا و پێغەمبەری خوا مەرجی داناوە کە ئەویش (لم یرتابوا) واتە گومانیان نەبووە ، وە لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە و فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : شایەتی دەدەم کەوا هیچ خوایەک نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها (اللە) نەبێت و منیش نێردراوی خوام ، هیچ

بەندەیەک بەو وشانەوە ناگاتە خواکەی خۆی و گومانی لێی نەبێت تیایدا ئیللا خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە .

٣/ مەرجی سێیەم / قایلبوون و رازی بوون بە هەموو ئەوەی ئەم وشەیە لە خۆی دەیگرێت بە دڵ و بە زمان ، وە خوای گەورە باسی هەواڵی ئەوانەی بۆ کردووین کە پێی قایل بوونە رزگاریان بووە و تۆڵەی سەندووەتەوە لەوانەی رەدیان کردووەتەوە پێی قایل نەبوونە .

٤/ مەرجی چوارەم / ملکەچبوون بەوەی ئەم وشەیە دەلالەتی بۆ دەکات کە جیاوازە لە گەڵ وازهێنانە لێی ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَن يُسۡلِمۡ وَجۡهَهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰۗ وَإِلَى ٱللَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ٢٢ ﴾ لقمان: ٢٢) واتە : وە هەر کەسێک خۆی تەسلیمی خوای گەورە بکات و کارەکانی بە خوای گەورە بسپێرێ و ئیخلاس و دڵسۆزی و نیەتی بۆ خوا بێت وە چاکەکاریش بێت، واتە: کردەوەکانی لەسەر سوننەت بێت و ملکەچی شەریعەت بێت ئەوە بە دڵنیایی دەستی گرتووە بە پەتی هەرە بەهێزەوە کە دینەکەی خوای گەورەیە کە پچڕانی بۆ نیە , وە سەرەنجامی هەموو کارەکانیش تەنها بۆ لای خوای گەورە ئەگەڕێتەوە)) .

وە مانای (یسلم وجهه) بەوەی ملکەچ بێت لە کاتێکدا چاکەکار و یەکتاپەرستە ، وە هەر کەسێک ملکەچی خوا نەبێت و چاکەکار نەبێت ئەو دەستی بە (عروة الوثقی)وە نەگرتووە .

هەر ئەویش مانای ئەو ئایەتەیە کە لە پاش ئەو هاتووە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَن كَفَرَ فَلَا يَحۡزُنكَ كُفۡرُهُۥٓۚ إِلَيۡنَا مَرۡجِعُهُمۡ فَنُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓاْۚ ﴾ لقمان: ٢٣) وە هەر کەسێکیش کوفر بکات ئەوە ئەی محمد صلى الله عليه وسلم تۆ خەفەت مەخۆ لە کوفر کردنی و زیان بە تۆ ناگەیەنن بەڵکو تەنیا زیان بە خۆیان ئەگەیەنن سەرەنجام و گەڕاندنەوەی ئەوانیش هەر بۆ لای ئێمەیە وە هەواڵیان پێ ئەدەین لەو کردەوانەی کە لە دونیا کردوویانە بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر زانایە بەو دڵەی کە لەناو سینگدایە))

٥/ مەرجی پێنجەم / راستگۆیی تیایدا کە جیاوازە لە گەڵ درۆدا ئەویش ئەوەیە بە راستگۆیی و بە دڵەوە بیڵێت ، دڵی لە گەڵ زمانیدا یەک بن ، خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ ٢ وَلَقَدۡ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ فَلَيَعۡلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعۡلَمَنَّ ٱلۡكَٰذِبِينَ ٣ ﴾ العنكبوت: ٢ – ٣) ئایا خەڵکی وا گومان ئەبەن و وا حساب ئەکەن کە وازیان لێ بهێنین تەنها بەوەی کە بڵێن ئیمانمان هێناوەو تاقی نەکرێنەوە، واتە: ئەوە گومان بردنێکی هەڵەیەو ئیللا تاقیتان ئەکەینەوە (تاقیکردنەوە بە گوێرەی دینەکەیە ئەوەی زیاتر دیندارو خواپەرست بێت تاقیکردنەوەی قورستر دەبێت) . وە بەدڵنیایی ئوممەتانی پێش ئێوەیشمان تاقیکردۆتەوە , ئەوانەی کە بە زمانیان ئەڵێن: ئێمە ئیمانمان هێناوە تا دەربکەوێ و خوای گەورە ببینێت کە کێ راستگۆیەو کێ درۆزنە، تا عوزرو بیانوویان نەمێنێت بۆ قیامەت، (خوای گەورە زانیاری هەیە بەوەی کە روویداوەو بەوەی کە روو دەدات و بەوەی کە روونەداوە ئەگەر رووبدات چۆن دەبێت، بەڵام تا لە دونیادا دەرکەوێت و راستگۆو درۆزن لێک جیابنەوە) .

وە لە موعازی کوڕی جەبەلەوە هاتووە ئەویش لە پێغەمبەری خواوە فەرموویەتی : هیچ کەسێک نییە شایەتی بدات کەوا هیچ خوایەک نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها (الله) نەبێت وە محمد بەندە و نێردراوی خوایە بە راستگۆیی و لە دڵییەوە ئیللا خوای گەورە جەستەی حەرام دەکات لە ئاگر .

٦/ شەشەم : ئیخڵاس و دڵسۆزی / ئەوە پاڵفتەکردنی کردارەکانە لە هەموو جۆرە تەڵخییەکی شیرک ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُۚ ﴾ الزمر: ٣) ئایا پەرستنی پاک و بێگەرد لە شیرک و ڕیا تەنها بۆ خوای گەورە نییە، (واتە: خوای گەورە، پەرستن و کردەوەیەک قبوڵ دەکات و وەردەگرێت کە تەنها لەبەر رەزامەندی ئەو ئەنجام درابێت)

وە لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە ئەویش لە پێغەمبەری خواوە فەرموویەتی : بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتم ئەو کەسەیە کە بە دڵسۆزییەوە و لە دڵییەوە یان لە نەفسییەوە وتبێتی (لا اله الا الله)

٧/ حەوتەم : خۆشویستنی ئەم وشەیە و ئەوەی لە خۆی دەگرێ و دەڵالەتی بۆ دەکات و خۆشویستنی ئەوانەی کاری پێ دەکەن و دەستیان بە مەرجەکانیەوە گرتووە و رق لێبوونی ئەوەی پێچەوانەیەتی .

خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۗ ﴾ البقرة: ١٦٥) لەناو خەڵکیدا کەسانێک هەن جگە لە خوای گەورە ئەکەنە شەریک و هاوشێوە بۆ خوای گەورە ، ئەو شەریکانەیان خۆش ئەوێ وەکو خۆشەویستی خوا , چەندێک خوای گەورەیان خۆش ئەوێ ئەوانیشیان بەئەندازەی خوای گەورە خۆش ئەوێ، یاخود بتەکانیان خۆش ئەوێ بەئەندازەی ئەوەی کە ئیمانداران خوایان خۆش ئەوێ ، بەڵام باوەڕداران خوای گەورەیان لەوان خۆشتر ئەوێ،یان ئیمانداران خوای گەورەیان زیاتر خۆش ئەوێ لە خۆشەویستی ئەوان بۆ بتەکانیان ئەو دوو تەفسیرەی هەیە)

وە لە ئەنەسەوە هاتووە و فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : هیچ یەکێک لە ئێوە ئیمانی تەواو نییە تاوەکو منی خۆشەویستر نەبم لای لە منداڵەکەی و باوکی و هەموو خەڵکی)

والله اعلم